

فرینی
هەوالان

# شانۆی کوردی سقز

ویژەنامەی
چهاردهمین دورەی
جشنوارەی تئاتر
کوردی سقز
شمارە ۳



نوشاییەکانی
شانۆی
کوردی



کارگاه بازیگری
پرستو گلستانی



وتووێژ
لەگەڵ
د. قوتبەددین
سادقی



ازدحام
تماشاچیان
در سالن
انتظار



▶ نمایش امپراتور و آنجلو

Scanned with CamScanner

بسم الله الرحمن الرحیم


تیژ

شانۆی کوردی سەقز

ویژەنامەی چهاردهمین
جشنوارەی تئاتر کوردی سقز
۱۷ الی ۱۹ آذرماه ۱۳۹۶
شماره ۳

صاحب امتیاز
اداره‌کل فرهنگ و ارشاد اسلامی

مدیرمسئول
علیرضا اسماعیلی

سردبیر
رضا رستمی

شورای نویسندگان
زاهد آرمی
سوران محمدی
عادل کریمی

تایپ و ویراست
آرمان کریمی
شرمین مهلتی

خبر
نادر صالحی
هیرو شمشادی

عکس
اردشیر سعیدی
بهروز اسراری
خالد سعیدپور
سهند رستمی

طراحی
بولتن

چاپ
اندیشه





ڕەزا ڕۆستەمی
سەرنووسەر


## سەروتار

هەبوون یان نەبوونی شانۆی کوردی!

یەکێ لە بنەما هەرە گرینگەکانی پێ نەگرتنی شانۆی کوردی نەبوون یان کەم بوونی دەقی دراماتیزکراوی کوردیە!

کاتێ دەق لە ئارادا نەبێ بە ئەرخەیانی‌یەوە شانۆیش ناخوڵقی. جگە لەمەش شانۆ بێ پەڕ و باڵە.

زۆر شتیش لە ئارادایە بۆ ساز بوونی ئەم دۆخە، وەکوو نەبوونی دەقی زۆر بەهێز کە بتوانێ سەرنجی هەمووان بۆ خۆی ڕابکیشێ و سنوورکان تێپەرینێ، کە لیرەدا ئاماژە دەکەین بە هەندێ لە خاڵە سەرکیەکانی.

بەرهەمی ڕوانگەی نووسەران و شانۆکاران دەقە، کە بە گەشتی بەم سێ شێوازە معامەڵەی لەگەڵ دەکەن؛

یەکەم: هێندێ لە نووسەران دەقاودەق پشت دەبەستن بە ئەدەبیاتی زارەکی خۆماڵی‌وە و لەو باوەڕەدان لادان لەو میراتە گۆناحێ هەرە گەوریە، تەواوی هەوڵی خۆیان بۆ دراماتیزە کردنی ئەدەبیاتی زارەکی دەخەنە گەڕ و لەو باوەڕەدان کە شانۆی کوردی تەنیا بەم شێوازە دیتە دی و تەواوی هەوڵەکانی تر بێ ئەنجامە!

دووهەم: تاقمێکی تر لەو باوەڕەدان کە خۆ ماندوو کردن بە ئەدەبیاتی خۆماڵی کارێکی دواکەوتووانەیە، بۆیە پشت دەبەستن بە شانۆی بیانی و دووپات کردن و تەنیا شتێ کە لە پێش چاوی ناگرن، گیرو گرفت و نەهامەتیەکانی خۆیانە لە نێو ئەو دەقانەی وا دەیخولقێنن.

سێهەم: ڕاستە کە شانۆ دیاردەیەکی بیانی‌یە و تەمەنی ڕەنگە لە لای ئێمە بگات بە ۱۵۰ ساڵ لەمەوپێش و مۆرکی ئێمەی پیوە دیار نییە، بەڵام ئێمە دەتوانین لە شانۆی بیانی ئەزموون بگرین و ئاوڕێ بدەینەوە لە خۆمان و... شانۆکەمانی پێ بە هێز بکەین.

هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەویش بکرێ لاوازی شانۆی کوردی تەنیا هۆکارەکەی نەبوونی دەق نییە و زۆر ئێلێمانی دیکە هەن بۆ ئەوی شانۆی کوردی لاواز بنوێنێ، یەکێ لەو بنەما هەرە گرینگانە، نەبوونی پەشتگیری بەردوام و بایەخ نەدانی دەمودەزگا پێوەندی‌دارە دەوڵەتییەکانە لەپارێزگا کوردنشینەکان‌دا، هەڵبەت ئەم باسە بە گشتی داوێنگیری شانۆی کوردییە. ئەگەر جوگرافیای خۆمان بچوکتر بکەینەوەو جەخت بکەینە سەر هۆکارەکانی دیکەی ئەم تەوەرە ئێنجا دەبینین یەکێ‌تر لە خەسارەکان، نەبوونی دەرفەتێکی تر جگە لە فستیواڵی شانۆی کوردی سەقز بۆ پێشکەش کردنی بەرهەمی کوردی و ئاڵووگۆڕ کردنی بیرۆکەکانیان نییە، کە بەم بۆنەوە شانۆکاران ڕوو دەکەنە فستیڤاڵەکانی تری ناوخۆ کە بە داخەوە هیچ جێگەیەک بۆ شانۆی کوردی لە نێو ئەو فستیڤاڵانەدا تەیار نەکراوە و هیچ بایەخێ بە دەقی کوردی نادرێ. بەشوێن ئەوەدا نەبوونی ڕێکخراوەیەک بۆ بارهێنان و پەروردە کردن و نەبوونی کانوونێک لە هۆنەرمەندان و نووسەران بۆ پشتگیری لە خۆیان و هەروەها و... هەروەها... هەروەها...




عبدالقادر نیازی

شاعر و نویسنده


# احتلام تاریخ

## خوانشی گذرا بر تئاتر

(دوران بی گناهی • سەردەمی بێ تاوانی)



و حالا مجبورم زمین را خلاصه کنم در بلوط تا سروم را به جا بیاورم/ تو ماه را در سطرهایی جا دادی که در من خوابها را برده بودند.فکر می کردی/ وطن/ از آنچه در خواب می بینی به تاریخ نزدیکتر است و/ جهان در آنچه از من می بینی، از خواب دورتر، آن ساعت،/ شب، خواب تاریخ را دیده بود و/ تاریخ خواب فعلها را،/ مقلم را هنوز باش / خورشید شوخی خوبی نیست....

(قسمتی از یک شعربلند از نگارنده)

با وجود گذشـت بیش از یـک قرن از ورود تئاتر بـه ایران، اگـر چه جاذبه و گیرایـیش را نزد ادبا و روشـنفکران و طبقه فرهنگی، حفظ کرده است، اماهنـوز نمی توان از سرگشـتگی و بی خانمانی آن نسـبت به دیگر هنرهای سـمعی و بصری در ایران و بخصوص کوردسـتان چشم پوشید، واضح اسـت کـه از تئاتر به عنوان یک هنر فلسـفی یا نزدیک به فلسفه یا حداقل دارای بار فلسفی یاد و همچنین تاثیرات عمیق فرهنگی آن تاکیدمی شود، اما متاسـفانه با وجود این اصرارها، این هنر فاخر آن چنان که شایسته و بایسته‌است هنوز نتوانسته جایـگاه حقیقی خود را درفضای فرهنگی و هنری کردسـتان پیدا و تثبیت کندنبود فضای آوانگارد فرهنگی در کوردستان و فضای غیرمسئولانه تولید شده درکوردستان باعث شده که تئاتر، به یک امر قابل چشم پوشی و تاحدزیادی غیرقابل اجرا تبدیل شود.

فـارغ از گفته‌های بالا درمـورد اینکه تئاتر با وضعیتی که در کشور دچارش شده، حاوی فلسفه به معنای اخص خودش باشد، شاید نتوان به یقین رسـید، اما در اینکه نیازمند خوانشـهای فلسفی مختص به‌خود است نباید شک کرد. فلسفه‌ای که جایگاه و کارکـرد و روند و دوام و حتی تکلیفش رانیز مشخص کند.

تئاتر جلوه جدی گرفته شده خلاقیت هنری و صورت بندی آن است که مهمترین و برجسته‌ترین حالتـش را می تـوان اخلال در کلیشـه و تکرار تجربه‌هایی دید که تاکنون نیز خاصیت کاریزماتیک بودن خود را در این فضای نابسامان فرهنگی حفظ کرده و مدام به افکار عمومی تزریق می شـوند و به‌نحوی از انحا راه را بر ابراز تئاتر سدکرده‌اند. وجود همین علتهاست که تئاتر را از یک خلاقیت هنری و یک گفتمان فرهنگی فرو کاسته و از طرفی هم مانع به اندیشه درآوردن و اثبات ماهیتش شده‌است.

همه‌گفته‌های بالا بهانه‌ای شدکه بگوییم حداقل با توجه به تاریخ سیاسـی کوردستان و ناسونالیزم کوردی، نمی توان از نزدیکی فلسفه (بخوانید نیاز به فلسفه) و تئاتر درکوردستان چشم پوشی کرد.

تئاتـر(دوران بی گناهی= سـەردەمی بێ تاوانی) و اجـرای آن، باوجودمشـکلات وسـنگ اندازیهای مورداشـاره، دغدغه چنین نزدیکی تاریخ و فلسفه و تئاتر را باخود حمل می کند. اینکه دوران بی گناهی و اجرای آن در این و انفسا همچون سیستمی بازنمایانگر و تحلیل کننده تاریخ و ناسیونالیزم و دین در جستجوی یافتن پاسخی برای انسان معاصر کورد عمل می کند ناشی ازوجود چنین ادعاییست. به فراخور این رویکرد، دوران بـی گناهی ضمن اینکـه دراین دوره به نوعی دوشـادوش پروسه انسـان گرایی وملت سازی بوده، همزمـان اعتبار و روایی خـودش را مدیون تاریخ پر فراز ونشیب معاصرسیاسی کورد است.درواقع می توان گفـت دوران بی گناهی در تاریخ سیاسـی کورد می زید تجربه‌های تلخی را از مرگ و آوارگی و جنگ و... بازنمایی می کند و همزمان به کورد معمولا تماشاگر القـا می کند که بـرای اعتلایش در چهار چوب یک بستر سیاسی و عقلانی همیشه باپایه خود اتکا کند، به تاریخش به انواع تجربه‌های مرگش و نسـبتش با خود و عقلش.اجرای زنده‌تاریخ،(دوران بی گناهی)، مخاطب رامجاب می کندکه‌ازنبود یک پرستیژمحکم و منسـجم و مقتدر، هم راستا با پروسه ملت - دولت سازی رنج ببرد.

دوران بی گناهی ازشروع تا انتها تیغی دارد که روشنفکری را از روشنفکر نما بودن، ناسیونالیست را ازفاشیسـت بودن و عقلانیـت لازمه برای کورد بـودن را از فراموش کردن تاریخ جدا می‌سـازد. اینکه در دوران بی گناهی ازتئاتر به عنوان شیوه‌ای از مواجهه تاریخ با سیاسـت استفاده شده است و ازسویی دیگر به‌عنوان رویکردی برای نقد و تحلیل ناسیونالیسـم کوردی و ازطرفی نیز فلسفه و تئاتر را رودرروی هم قرارداده تا منجر به بازنمایی مرگ و آوارگی و جنگ و درنهایت کالبدشـکافی تاریخ معاصـر کورد شـود و ازطرفی نیـز عنصر دین را نشان می دهد، نشـان از رویکردهای چند وجهی و قدرتمندی اسـت که حداقل می توان به درازای تاریخ کورد به آن اندیشید. این درحالیست که در دوران بی گناهی، همنشینی تئاتر و تاریخ و فلسفه، تماشـاگر را طوری به یک ملاحظه الزامی عقلانی ارجاع می دهد که ناچار از تحلیل و درک هنر تئاتر و تاثیرش در بازنمایی اندیشـه‌های فلسفی انسان معاصر کوردخواهد بود.

اهمیت دوران بـی گناهی در این نکته نهفته است که به‌تماشاگر القاکندکه درنمایشی که درآن تاریخ و دین و ناسیونالیسم و سیاست رودروی هم قرارمی گیرند (الزامـا نه‌به‌معنای تقابل) . و منجر به دیالکتیک می شـوند، خود نشان از وجود امری فلسـفی است. به عبارت دیگر تماشاگر تئاتر با هر رویکردی به نظاره آن بپردازد الزاما مشغول دیدن پروژه‌ای هنریسـت با تماتیک و جان مایه فلسفی رسالت دوران بی گناهی این است که توجه مخاطب بەاهمیت فلسفه و تئاتر و تاریخ جلب گردد و گذار اندیشـه ازفلسفه محض به فلسـفه تئاتر و فلسفه تاریخ و فلسفه دین و ناسیونالیزم معطوف گردد و تئاتر تبدیل به گفتمانی پویا و دینامیک شـود که ضمن اینکه درهای ناگشوده‌ای را باز کند همزمان ارتباطـی زایاتر با دیگر حوزه‌های روشـنفکری و فرهنگی برقرار کند. ارتباطی که درنهایت به دلیل رابطه تنگاتنگ هنر به طور عام و تئاتر به طورخاص با انسان گرایی ومعرفت شناسی، نتیجه‌ای جز تامل دقیق در انسان و دیگرحوزه‌های زندگی اوندارد.




Scanned with CamScanner

ترکیب فرم های مختلف هنری از موسیقی و شعر ورقص وسماع گرفته تا هنرهای بصری و ترکیب چند مرحله از تاریخ سیاسی کورد به شیوه‌ای استادانه و کاملا حرفه‌ای، میمیک چهره و طراحی زیبای لباس و نور همه نشان از یک اجرای موفق دارد با یک نمایشنامه مستدل و مستند و بدون اغراق، که مخاطب را بیش از هر چیز درگیر یک بستر اپیستمولوژیکی می کند. بستری که آشتی، مهمترین وجه فلسفه(معرفت شناسی)و تئاتر را رقم می زند.اینجاست که در طول مشاهده دوران بی گناهی، فلسفه‌برای رسیدن به حقیقت مدنظر خود در مورد تاریخ و سیاست و مرگهای اعجاب برانگیز کورد، ناگزیر از نزدیکی و اعتراف به آن است، عنصری که دیدن را به شیوه‌ای علمی تئوریزه و فلسفه تاریخ رابه تماشاگر تحمیل می کند.

دوران بی گناهی مجال چشم پوشی از مخرج مشترک تئاتر و فلسفه‌رابه‌تماشاگرنمی دهد. اساسا نوع تلاشها در به ثمررساندن چنین نگرشی، دوران بی گناهی را از یک هنر بدنی وسرگرمی محض به یک هنر ایده‌ای وانسانی با ذخیره وپتانسیل معنایی بالا ارتقا می دهد تا هم برتفاوتهای خوانشی صرف، در مورد تاریخ سیاسی معاصر کورد غلبه کند و هم تئاتر و فلسفه و تاریخ را در موقعیت موازی هم قرارندهد.

نگاه به تئاتر و پس زمینه‌های فلسفی آن در دوران بی گناهی، شروع و میان مایه و انتهای قابل توجهی را رقم می زند، ارزیابی معنا و اجرا و ترکیب موسیقی و زجه‌های متناسب با محتوای دوران بی گناهی، راه را بر هر گونه مخالفت ناگهانی مخاطب با تاریخ سیاسی کورد می بندد، از آن رو که با توجه به سیر تاریخی جنبش کورد و محتوای مستند و مستدل دوران بی گناهی، مخاطب متوجه می شود که حداقل، قراردادن کورد در چنین و انفسای تاریخی وسیاسی وجنگ و آوارگی و وطن به دوشی(بخوانیدخانه‌به‌دوشی)، حداقل در صدسال اخیر خواست و اراده خوداو نبوده و بر او تحمیل شده‌است ویا بالاجبار در ان قرارداده‌شده است.

دلیل اصلی اینکه چرا تئاتر و فلسفه به‌طور عام و دوران بی گناهی بالاخص چنین نقشی را بردوش می کشند می تواند ناشی از وجود یک معنای اصیل و ناب میان این دو باشد و یا یک دغدغه مشترک از میان تمامی دغدغه‌هایی که هنر و فلسفه بر آن تاکید می کنند.

درپایان باید گفت در اینکه نوشتار حاضر نتوانسته تمام زوایا و ابعاد تئاتر دوران بی گناهی را مورد مداقه قرار دهد شکی نیست، اما با توجه به روند غیر معمول تئاتر در کوردستان وآسیبها و عوامل و موانع جدی نیز، قابل انتقاد بودن دوران بی گناهی نیز، چیزی نیست که بتوان به راحتی از آن گذشت، بدون شک انتقاداتی بر دوران بی گناهی وارد است که درحوصله این نوشتار نمی گنجد، و باید آن را به متخصصین و منتقدین حوزه تئاتر واگذار کرد، تا جلوه‌ها و زوایای جالب توجه این هنر اصیل بیشتر نمایان گردد.



# ون بوون لە ناو دەقدا

## ڕوانینێک بۆ شانۆی «سەردەمی بێ‌تاوانی»


**ڕەحیم عەبدولڕەحیم‌زادە**

دەرهێنەر، نووسەر و ڕەخنەگر


شانۆنامەی سەردەمی بێ تاوانی یەکێکە لەو شانۆنامانەی کە چەندەها جار و لە لایەن چەندین گرووپی جیاوازەوە کاری لە سەر کراوە و تەنانەت یەکەم جار لە لایەن نووسەری دەقەکە خۆی کار کراوە و تەنانەت چەند ساڵ دواتریش دیسان بە زمانی کوردی کار کراوەتەوە. ڕەنگە ئەم پێشوازییە لەم دەقە ئەم پرسیارەمان لا ساز کا، کە هۆی ئاوڕدانەوەی ئەم گرووپانە لەم دەقە چییە و ئومید خاکپوور و گرووپی شانۆی ئەهوورا توانیویانە بە چ ڕوانگەیێکی جیاوازەوە ئەم دەقە پێشکەش بکەن؟ ئەو بابەتانەی کە دەقی سەردەمی بێ‌تاوانی باسیان دەکا هەر لەو سەردەمەوە کە پتر لە بیست ساڵ بە سەر نووسینیدا تێدەپەڕێ تا ئێستاش بە داخەوە هەر بابەتی ڕۆژەڤی مرۆڤی کوردە و تا ئێستاش ئەو ئازارانەی کە دەقەکە باسیان دەکا لای ئێمە هەر ماونەتەوە و ڕەنگە ئەمە هۆکاری سەرەکیی چەن جارئیجرا بوونەوەی ئەم دەقە بێ، بەڵام لە هەمان کاتدا هەر ئەم خاڵە کە خاڵی بەرچاوی شانۆنامەی سەردەمی بێ‌تاوانییە دەتوانێ گرفتی سەرەکیی ئەم دەقەش بێ چما لەم کارەدا هێندەی کەڵکەڵەی هێنانە ئارای مێژوو هەیە، هێندە گێڕانەوەی دراماتیک لە بەرچاو نەگیراوە ئەگینا چۆن دەکرێ کەسایەتی‌گەلێک کە هەرکامەو بە جۆرێک تووشی کارەسات بوون ئاوەها وەک مێژووناسێک ئامار بە دەستەوە بدەن و تەنانەت ئەژماری کوژراو و بریندارەکان وەک خۆی بخەنە ڕوو.

گرفتی ئومێد خاکپووریش وەک دەرهێنەر هەر لێرەوە دەست پێ‌دەکا چما هێندە خۆی بە جیهانی دەقەوە دەبەستێتەوە و هێندە حەول دەدا دەقەکە وەک خۆی ڕاگوێزێ کە ستراتێژییەکانی ئیجرا و نواندن لە بیر دەچنەوە و ئیجرا لەناو دەقدا ون دەبێ.

نکوولی لەوە ناکرێ کە ئیجرای ئومێد خاکپوور و گرووپی شانۆی ئەهوورا ئیجرایی ڕێک‌وپێکە، لە ڕووناکی زۆر جوان کەڵک وەرگیراوە، ئەکتەرەکان حەولێکی زۆر و بەرچاو دەدەن، دیزاینی سێن جیاوازە و هەموو ئەمانە خاڵی بەرچاوی نواندنی ئەم کارەن، بەڵام فرەوێژی دەق و ترسانی دەرهێنەر لەوەی لەگەڵ دەق ڕووبەڕوو بێتەوە وای کردووە کە هەموو ئەم خاڵە بەهێزانە زۆر جوان خۆیان دەرنەخەن.

لەگەڵ ئەم خاڵە زەق و بەرچاوە دیسان دەتوانین شانۆی سەردەمی بێ‌تاوانی وەک یەکێک لە کارە سەرکەوتووەکانی فیستیڤاڵ ناودێر بکەین و هیوامان وابێ لە داهاتوودا ئیجرای جیاواز لەم دەقە ببینین، ئیجرایەک کە دەرهێنەر حەولی دابێ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیالێکتیکی لەگەڵ دەق هەبێ کە بێ گومان دەرئەنجامەکەی دەبێتە هۆی ئیجرای جیاواز لەم دەقە.








سۆران محەمەدی

دەستەی نووسەران


# بزووتن بەرەو شیعر

*"ئەوە چارەنووسی تۆیە هەڵاڵە، کە خەنجەرێک شاخەوشاخ، شارە و شار و وڵاتە و وڵات شوێنت بکەوێ، تا ئێرە، لە ستۆکهۆڵم، لە گەڕەکی فلەمینسبێرگ، نهۆمی چوارەمی باڵەخانەی ژمارە هەژدە لە سنگت بچەقێ... کێ دەزانێ ئەو خەنجەرە لە کێلانی ئێستا ونبوویدا قەفی پشتێنی چەند ئەوە لە پیاوانی وڵاتی بەردی پشکنیوە؟ سنگی چەند ئەوە لە ژنانی وڵاتی بارانی هەڵدڕیوە؟"*

*گرەوی بەختی هەڵاڵە/ عەتا نەهایی*

بە هێنانەوەی ئەم دەستپێکە بۆمان دەرئەکەوێ ناوەڕۆکی شانۆنامەی «زەماوەندی خوێن» لە نووسینی لۆرکای ئیسپانی زۆر لە لای ئێمە نامۆ نییە. ئەم شانۆیە گێڕانەوەی چارەنووسە، ئەو چارەنووسە تراژیکەی بە هەزاران جار چ لە زێدی لۆرکا و چ لە کوردستانی خۆماندا دووپات بۆتەوە. چارەنووسێکی پڕ لە خوێن، زەماوەندێکی خویناوی، ئەو شتەی کە بووک لە دوایین دیالۆگەکانی دا دەڵێ: "من دەبوو ڕەدوو بکەوتایەتم، ئەمە چارەنووسە و هەڵەی منی تێدا نییە." تەنیا هەڵەی بووک و کەسانی وەک ئەو، لە کۆمەڵگایەکی نەریتخواز و دەمارگرژدا خۆشەویستییە، چارەنووسی قارەمانەکانی شانۆ، فەنا بوونە و وەکوو کەسایەتی تراژدی دیلی چارەنووسی لە پێش دیاری کراون، بەو جیاوازییەی ئەم چارەنووسە نەگریسە خوداکان دای‌ناڕێژن، بەڵکوو داب و نەریتی چەقبەستوو بۆیان دیاری دەکات.

لە شانۆدا ژنان ژیانی پڕ لە پەژارەیان هەیە و هۆگری پیاوانن و لە لای پیاوان بایەخێکیان نییە. گرینگ ڕەگەزی نێرە، بۆ نموونە ژنی لیئۆناردۆ کە ژیانێکی دژواری هەیە، خولیای مێردەکەیەتی، بەڵام پیاوەکەی خۆشی ناوێت. کابرا ئاشقی "بووک"ە. ژنی لیئۆناردۆ بەسەر هەمووی ئەمانەدا دان بە خۆدا دەگرێ و دەڵێ: "من کوڕێکم هەیە و یەکی دیکەش بە ڕێوەیە، چارەنووسی دایکیشم هەر وابوو، کەوایە من بە تەنیا ناڕۆم".

"لۆرکا"یان بە شانۆنووسێکی شاعیر یان شاعیرێکی شانۆنووس ناوبردە کردووە. هەر وەک دیارە ئەم شانۆیە پڕە لە لای لایەی فۆلکلۆر و شیعری ناو گوندەکانی ئیسپانی کە لە لایەن ژنان و پیاوانەوە دەچڕێن. لەگەڵ ئەوەشدا دیالۆگەکانی لۆرکا شیعرن. وتەی کۆڕخوێنەکان هەموو شیعرن. هێنانەوەی هێما و خوازە کە تێکنیکێکی شاعیرانەیە لەم شانۆدا زۆر کەڵکی لێ وەرگیراوە، بۆ نموونە: سروودی ماینە ڕەشە سەرکەشەکە، سوارچاک بوونی لیئۆناردۆ و تەنانەت دیالەکتیکی نێوان دەستکورت و دەوڵەمەند و... هەمووی ئەمانە زیاتر لە شیعری نزیک کردۆتەوە، جا ئەمانە بە وەرگێڕانی زۆر لێهاتووانەی زاهید ئارمی، بە کەڵک وەرگرتن لە زمانی ڕەسەنی لادێ کە بۆ نواندنی باشتر پاراو کراونەتەوە، کەشێکی خۆماڵیٚ ئەکێشێ بە سەر شانۆدا کە دەرئەکەوێ جگە لە ناوەڕۆکی شانۆ زمانیش هاتوەتە گۆ بۆ هێنانە ئارای بەستێنێکی کوردانە. وشەکان لە جێی خۆیدا گوێزراونەتەوە سەر زمانی مەبەست کە هەست بە کوردی بوونی دەق دەکرێ. پەرویز ئەحمەدی دەرهێنەری شانۆ بە زەق کردنی ژمارەی (۳) مانای هێماکان لە دوایین سێکانسدا یەک دەخاتەوە، بۆ نموونە: سێ دەرگای دێکۆر ـ سێ ساڵ پێوەندی لیئۆناردۆ و بووک ـ تێپەڕاندنی سێ ساڵ بە سەر هاوسەرگیری لیئۆناردۆ و ژن ـ کڕینی سێ دەست جل و بەرگ بۆ زاوا ـ سێ کەسی کۆڕ خوێن ـ سێ کۆتەرە دار بە نیشانەی سێ کوژراوی ماڵ زاوا، کە ئەم هێمایانە سیانەی دوو کوڕ و باوک، سیانەی زاوا و لیئۆناردۆ و باوکی بووک، سیانەی دایک و بووک و ژنی لیئۆنادردۆ و چارەنووسی گرێدراوی بێکۆتاییان بۆ بینەر دەردەخات. دیارە مەبەست لە زمانی شیعر لە شانۆدا، بەس کەڵک وەرگرتن لە زمانی هەڵبەست و کێشی کلاسیک نییە، بەڵکوو دەکار کردنی زمان بە شێوەیێکی نامۆ و گەڕانەوە بۆ خودی دەقە کە لە یەک بەستێنی دژەمانادا دەسووڕێنەوە، ئەوەی کە لە خۆمان دەپرسین ئەم هێمایانە واتای چی بوو؟ مەبەست لە مانا نەک هەر ئاماژە بە حەقیقەتێکی ڕەسەن، بەڵکوو وەرگرتنی زانیارییە، بەرتەسک کردنی پانتای بەرینی ئەو تێگەیشتنەی تا ئێستا هەبوون و گەییشتن بە یەک چەشنە فام کردنە.

لەم شانۆیەدا لۆرکا بگێڕەوی کۆمەڵگا و دۆخی کەلتووریی خۆیەتی، ژنان بە هیچ شێوەیێک ناویان نییە. پیاوان چ ئاگاهانە و چ نابەئاگا ژنان سەرکوت دەکەن و هیچ مافێکیان پێ نادرێ کە بیروڕای خۆیان دەربڕن، زۆرجار "دایک" کە باسی خەم و نەهامەتیەکانی دەکات "کوڕ" دەگوڕێنێ: "بێ دەنگ بە"، "با تەواوی بکەین". یان هەمدیسان شێوەی ئاخافتنی نێوان لیئۆناردۆ و ژنەکەی...

ژن وەکوو ئامرازێکی سێکسی و هەرزەکار و گوێڕایەڵ دێتە پێش چاو. کاتێک "باوک" باسی کچەکەی دەکات دەڵێ: "کچەکەم کەم قسەیە، وەکوو خوری نیانە و دەتوانێ بە ددانی چی گوریسی پتەو هەیە بپسێنێ!". زاو و زێ پێناسەی ژنانە، "باوک" دەڵێ: "پێم خۆشە منداڵی زۆریان بێ... ئەم زەوی و زارە بە کرێکار بەڕێ ناچن، کوڕی زۆری دەوێ". "دایک" بە کوڕ دەڵێ: "ئەگەر ئەتوانی من بە شەش نەوە دڵخۆش بکە". تەنیا پیاو مافی میراتی هەیە، "باوک" دەڵێ: "ئەگەر کوڕم دەبوو هەر هەموو زەویەکانی ئەو پەڕی کێوم دەکڕی...". باوکی بووک هیواداره کچەکەی نەتوانێ ڕەدوو بکەوێ و دەڵێ: "ئەو ناتوانێ کچی من بێت. ڕەنگە خۆی فڕێ دابێتە چەمەکەوە" و دایک دەڵێ: "ژنانی چاک و بەئەخلاق خۆیان دەئاو دەخەن نەک ئەم کچەتیوە". واتای زەماوەند هەر بەو پێیە گۆڕاوە، دایک دەڵێ: "کوڕم دەزانی ژن هێنان یانی چی؟ یەک پیاو، چەند منداڵ و ژوورێک..." خزمەتکار دەڵێ: "زەماوەند چیە؟ ئەم شیرینی و بۆیلە و گوڵانەن؟ نەخێر! تەنیا تەختێکی بەرین و یەک ژن... بە بەختی! تۆ ئەمشەو باڵەکانت دە باڵای پیاوێک ئەڵقە دەکەی. ماچی دەکەیت و قورسایی بە سەر جەستەتدا هەست پێدەکەی..."

لووتکەی شانۆ خودی زەماوەندەکەیە کە دوو پیاو داواکاری کچێکن. ڕێ و شوێنێک کە هەم مەرگ لە خۆ دەگرێ و هەم ژیان. زاوا بە بووک مانەوە لە خێڵ، هێوری، گەشە و زا و زێ پێشنیار دەکات و لە لایێکی دیکەوە لیئۆناردۆ تەنیایی و جودایی لە خێزان پێشکەش دەکات کە مەرگ لەگەڵ خۆی دەهێنێ، دۆخێک کە بۆ لیئۆناردۆ و بووک چارەنووسێکی تراژیک دەخولقێنێ...





عادل کەریمی
ماستەری دەروونناسی

# زەماوەندی خوێن؛ عەقڵییەتی خێڵەکی

ئەگەر وەکوو کورد لەم شانۆیە بڕوانین، لەگەڵ کەسایەتی و ڕووداوەکاندا هەست بە نامۆیی ناکەین. لەمێژە لە کوردستان کوڕ و کچ پێکەوە زێدی خۆ جێ دەهێڵن و پەنا بۆ مەسلەحەتکەر و ماڵی ئاغا و مەلا دەبەن. پێش گەیشتن بەو ماڵە ئەگەر بەردەستی شوێنکەوتووان بکەوتایەن دەکوژران. لێرەدا شانۆ و نەریتی کوردەواری یەک دەگرنەوە.

ژن و ژنخوازی لە هەموو کۆمەڵگا پێشمۆدێرنەکاندا پێکهاتەیەکی لێکئاڵۆزی هەیە؛ تێکەڵ بە تۆڵە سەندنەوە و خوێنڕشتن، تێکەڵ بە قین و ڕقی پشتاوپشت کە دەرکەوتەکەی بەرینبوونەوەی دوو گۆڕستانی ڕکەبەرە.

ئەو بەرهەمەی لۆرکا سەرەڕای دارشتنی کەسایەتی کاراکتیرەکان و نیشاندانی چەنپاتبوونەوەی خوێنڕشتن و تۆڵەکردنەوەیە، ڕەخنە لەو عەقڵییەتەیشە.

ئەگەر لە نیشانەناسی تێپەڕین و بە ناخی ڕەوتی ڕووداوەکاندا ڕۆ بچین، دەروونی مرۆڤ و هێزە نائاگاکانی خۆ دەنوێنن. دەروونێک کە لە چەن پشت پەروەردە کردن بە عەقڵییەتی خێڵەکی وشک و بێ بەزەیی و تووڕە بێچم کراوە. پرسیارێک دێتە گۆڕێ کە بۆچی مرۆڤ سەرەڕای چێشتنی تاڵیی کارەسات و خوێنڕشتن بە چەنپات کردنەوەی کارەساتەکان ڕاهاتووە؟ لە جەنگەی ڕکەبەری و دوژمنایەتیی خێڵەکیدا کوڕ و کچێک گیرودەی ئەوینی یەک دەبن. کوڕ لە بنەماڵەیێکە کە خێڵی ئەویندارە پێشووەکەی کچەکە باوک و برای کوشتوون. ئەمە بەستێن و دەمارگرژی و تۆڵەسەندنەوە دروست دەکات و دیهێڵێتەوە. لەم ناوەدا ئەوینێکی نیوەگیان دەژیێتەوە و بە شوێن خۆیدا خوێنڕشتنی خێڵەکی دەخاتە ڕێ. ئەم زنجیرە ڕووداوە لە عەقڵییەتی خێڵەکییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم شێوە ڕوانینە نەریت بەرهەم دێنێت و ڕکێفی کۆمەڵگا دەکات. هۆکاری ئەم چەن پات بوونەوە کە یەک لە دوای یەک بە توند و تیژی زۆرترەوە ڕوودەدات، هەر ئەو هۆکارانەیە کە کۆمەڵگا لە ئاستی پێشمۆدێرندا دەهێڵێتەوە. دەمارگرژی بۆ خێڵ و بنەماڵە، نەبوونی ڕەهەندی ڕەخنە لە داب و نەریت و بایەخە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان و نەبوونی میکانیزم و دامەزراوەی سیاسی و کەلتووری و پەروەردەیی مۆدێرن ئەو هۆکارانەن کە تاک لە عەقڵییەتی بەرتەسکی خێڵەکیدا دەهێڵێتەوە. شانۆی "زەماوەندی خوێن" سەرەڕای نیشاندانی عەقڵی خێڵەکی و تراژیدیای ڕۆژانەی ئەو شێوە ژیانە، دەنگی پەراوێزخراوەکانیش بەرز دەکاتەوە. کچێک کە لەگەڵ شوناسی ڕەگەزی خۆی یەکلا نەبووەتەوە، ڕازەوانێک کە ئامەزرۆی هەست بە قورسایی‌کردنی لەشی هاوژینەکەیەتی، ژنێک بینەش لە خۆشەویستی مێردەکەی و... چاوەدێرانی زنجیرەی ڕووداوەکان ئەو منداڵانەن کە دڵداری و زەماوەند و هەڵگرتن/ بە ڕەدوو کەوتن و کوشتن و ناشتن فێر دەبن و بە بوونی ژێرخانی ژیانی خێڵەکییەوە لە داهاتوودا بۆ خۆیان هەر ئەو دەورگەلە دەگێڕن. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا و بەم شێوە ژیانە چاوەڕوان‌کردنی دابڕان لە عەقڵییەتی خێڵەکی زۆر ئەستەمە. دەق و شانۆنامە بە زمانی کوردی لە ژیانی ڕۆژانەی گوندییەکانی کوردستان نزیک بووەوە، تەنانەت هاوبێژییەکان تێکەڵ بە فۆلکلۆری کوردی کرابوو. لە لایێکی‌ترەوە زمانی وتووێژی کاراکتیرەکان زۆر وێژەیی بووە کە ئەم لێکدانە زۆرجار گوێی بینەر و بیسەر لە دوو ڕەوشی جیاوازدا ڕادەگری، لەوەها دۆخێکدا ئەم دوو ڕەهەندە تەواوکەری یەکدی نین. لێکدرانی بنزاراوەکان لە شانۆنامەکەدا- وەرگێردراو بە کوردی- بە ڕەوانی ڕووی داوە. لە کەلتووری کوردیدا وەکوو هەموو نەتەوەیێک، لایەنی ئێرۆتیک بوونی هەیە، بەڵام لە هیچ کام لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەبووە بە بەشێ لە وێژە و هونەر و بە ئاشکرا دەرنەبڕاوە وەرگێر لە گواستنەوەی ئەو لایەنەدا کەمتەرخەمی نەکردووە. لە گۆڕینی عەقڵییەتی خێڵ بە بازنەیێکی گەورەتر وەکوو نەتەوە، کەسایەتییەکان و خولیاکان ناگۆڕدرێن. تەنیا تۆڕی پێوەندی و شێوازکاری پەیوەندی دەگۆڕدرێت، بۆ وێنە ئەو ژنە ڕازەوانە دەتوانێت سەرەڕای ڕاگرتنی خولیاکانی خۆی ئاستی ناکامەندبوونی بۆ نەتەوە و کۆمەڵگا بەرز بێنێتەوە.

# بۆشاییەکانی شـــانۆی کوردی

باســـەکەمان باسی شانۆی کوردییە. ئەو شتانە کە پێویستە بێنە کایەوە تا بە شانۆیێک بگوترێت "شانۆی کوردی" و بەدوای ئەویشـــدا "فـــستیڤالی شانۆی کوردی" کە ساڵانە لە شاری سەقز بەڕێوە دەچێت. پرسیاری سەرەتایی ئەمەیە کە: شانۆی کوردی لە خۆیدا چییـــە و چ تایبەتمەندیگەلێکی هەیە؟ ئەو ئاستەنگانە چین لە ڕێی شانۆی کوردیدا کە دەبنە هۆی ئەوەی کە پێناســـەیێکی ڕوون لە "شـــانۆی کوردی"مان نەبێت؟



محەممەد بارامی: من خۆشحاڵم کە سەبارەت بـــە شـــانۆی کـــوردی قـــسە ئەکـــەم کە دیاردەیێکـــی فەرهەنگییە و شـــیاوی باس لێکردنە. بەڕای من باســـی فەرهەنگ لە باسی هونەر دەبێ جیا بکرێتەوە. تۆ هیچ کات ناتوانی " کڵاش " کە هێماییکـــی فەرهەنگیـــی کوردە جیهانـــی بکەیتەوە، چونکاتێ لە پەڕۆ دروســـت بووە و تەواوی ئورووپایش بارانییـــە و بۆ ئەوە نابێ لە پێـــی بکەن. لێرەدا کڵاش تەنیا شاخســـەیێکی "ناساندن" و "بوون"ە. فەرهەنگ، سەر بە جوگرافیا و ناوچەیە؛ هەر بۆیە ناکرێ چاوەڕوانی ئـــەوە بێت کە لە ئورووپـــا بکرێتە بەر خەڵک. گرینگ هونەرە! سەرەتا کاراکتێری هونەرییە کە بیچم دەگرێت و پاشـــان فەرهەنگێک دەناســـێنێت. لە شانۆدا لە سێ چوار تیئۆری زیاترمان نییە کە لە ئەرەستوودوە دەست پێدەکا. من نازانم نەقاشی کوردی یانی چی؟ سینەمای کوردی چییـــە و چۆن دەبێ؟ یانی ســـینەمایێک کە کوردێـــک کاری تێدا دەکات، یان دەرهێنەرێکی کورد لە جوغرافیای کورددا دروســـتی کـــردووە؟ بەڕای من ئەمە هەوڵێکی سەقەتە. ئێمە دەبێ هەوڵ بۆ هونەرمەند دروست‌کردن بدەین. ئەگەر بڕیار وابێ جۆرە دارشتنێک بئافرێنیت و ناوی ســـەبک و مەکتەبـــی لێ بنێی، لە خـــۆوە نابـــێ. دواتـــر دەردەکەوێـــت کە ئـــەوەی تۆ خولقاندووتە، ئایا دەکرێ ناوی سەبکی لێ بنێی یان نا. ئەگـــەر دیتران هاتن و درێژەیان بـــە کارەکەی تۆ دا، ئـــەوە نـــاوی مەکتەبی لـــێ دەنرێت، وەک نەقاشـــی سەقاخانەیی؛ ئەگەریش شوێن پەنجەیێکی تاکەکەسی خۆتت بوو، ئەوە دەبێتە ســـەبکی شەخســـی! پێویستە ئەگەر کەســـانێک ئیدەعای شـــانۆی کوردی دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا با چوار فاکتۆر و دەرکەوتەی ناو ببەن، وەک کارەکـــەی فڵان کەس؛ شـــێوازی دەرهێنەریی فیســـارە کەس؛ جۆری دەقی ئەو کەسی‌تر؛ نییە! ئێمە ئەوانەمان نییە. ئەمە شـــانۆی کـــوردی نییە کە هەیە. بەڵام کەسانێکی شـــانۆکاری کورد دەتوانن گرووپێکی سەرکەوتوو و چالاکیان هەبێت و تەنانەت لە دەرەوەی سنوورە ناوخۆیی‌یەکانیشدا بناسرێن. بەڕای من ئەوەی کە کراوە تەنیا ئێلێمان نیشـــان‌دانە و بەس. شـــانۆی کوردی، یان سینەمای کوردی نییە. تۆ ناکرێ پووڵەکە لـــە چینەوە بێنـــی و لە مەریوان لـــە پارچەی جل و بەرگی بدەیت و پێی بڵێی بەرهەمی کوردی.



هیـــوا مەنووچێهری: لەگـــەڵ حورمەتمدا بۆتان کاک محەممـــەد، بەڵام من لەگەڵ بەڕێزتـــان هـــاوڕا نیـــم. بەڕای مـــن ئێمە پێویســـتە و دەبـــێ وەک نەتەوەیێک شـــانۆیێکمان هەبێت. ئەڵبەت ڕاستە شانۆ هی ئێمە نییە و شتێکی دەرەکییە بەڵام دەکرێت ئێمەیش شـــانۆی خۆمانمان هەبێ، بە سەبک و سیاقی خۆمان. بەجۆرێ کە ئەگەر کارێکی ئێمە لە ئیتالیا بەڕێوە چوو، دیاربێت کە هی کام جوگرافیایە؛ بەڵام فستیواڵی شانۆی کوردی چییە و دەبێ لە داهاتوودا چی بێ؟ دەبێ ئەو پرسیارە بێتە کایەوە! فـــستیواڵی شـــانۆی کوردی لە بنەڕەتدا بەو ئامانجە دامەزرا کە ئێمە شـــانۆی کوردی بیبەینە سەر تەختەی شـــانۆ؛ ئەویش شـــانۆیێک بە ڕەنگ و بۆی کولتـــوور و جوگرافیای کورد. جا ئەمانە کاتێک بیچم دەگرێت کە من لەبارەی ئەندێشە و تیئۆریی شانۆوە ئەوەندە پڕ بم کە شـــیاوی ئەوە بم بنەمای شـــانۆی داهاتووی کوردســـتان دابنێم. ســـەبارەت بە شانۆی کوردی سەقز من چەن‌ساڵە ئەو کەڵکەڵە و پرسیارەم هەیـــە کە بۆچـــی دەقـــە بیانی‌یـــەکان دەچێنە ناو فـــستیواڵەوە؟ سا بە هەر جۆرێک لە تواناوە کە دەقەکە هەڵگەڕاینەوە ســـەر زمانی کوردی. شـــانۆی کوردی یانـــی ئەوەی کـــە من بێم لـــە بنەڕەتـــی کولتوور و کەڵکەڵەکانـــی نـــاو کۆمەڵگای خۆم بناســـم و جا بە شێوەیێکی هونەری، بە مەبەستی ناساندنی بە خەڵکی خۆم و جیهان بیناسێنم. لەو کاتەدایە کە من دەتوانم بڵێم بوومە بە خاوەنی شـــانۆی خۆم. بەداخەوە ئێمە هەر خەریکین قـــەی گەورەپیاوانـــی دنیا دووپات دەکەینەوە و خۆمان هیچ خوێندنەوەیێکی خۆماڵی و خۆکردمان لە شانۆ نییە! بۆچی من نابێ پارامێترگەلی شانۆی خۆم، خۆم بینووسمەوە و ئەگەر نووسیم دەبێ وەها بە گژمدا بچن کە قەت نەوێرم دیســـانەوە هیچ شـــتێکی‌تر بنووسمەوە؛ ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی کە فڵان نووســـەر لە فـــڵان وڵات دەقێکـــی زۆر چاکی نووسیوە. ئاخر بۆ دەبێ ئێمە وابزانین هێشتا ناتوانین ئـــەو بیرۆکانەی کە هەمانـــە دایبرێژین و ناکرێت بە گوێی عالەمیدا بدەین؟ پرســـیاری گرینگ ئەوەیە کە ئاخۆ ئێمە بۆ کێ کار دەکەین و ئەرکی سەرشـــانمان چییە؟ بەڕای من ئێمە هونەرمەندین لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵگا پێویستی پێمان هەیە. یەکێکیتر لەو شتانەی



بەڕای من ئەوەی کە کراوە تەنیا ئێلیمان نیشان‌دانە و بەس. شانۆی کوردی، یان سینەمای کوردی نییە



دەکرێت ئێمەیش شانۆی خۆمانمان هەبێ، بە سەبک و سیاقی خۆمان. بەجۆری کە ئەگەر کاریکی ئێمە لە ئیتالیا بەڕیوە چوو، دیاربێت کە هی کام جوگرافیایە



ئێمە لە شانۆی کوردییدا، پێویستمان بە بیر و ڕوانینی تازە هەیە



کە جێی داخە، نەبوونی هیچ گرووپێکی شانۆ لە سلێمانی و ئامەدە؛ بۆ دەبێ ئەوان بەشداری ئەم فستیواڵە نەبن؟ ئەویش لە کاتێکدا کە ئاڵ و گۆڕی ئەزموونی ئەوان و ئێمە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندتر کردنی شانۆی کوردی.



فاروقی حەسەنپوور: کاک محەممەد گوتی ئێمە وەک چۆن شانۆی ژاپۆنی یان ئەڵمانیمان نییە، شانۆی کوردیشمان نییە! ئەگەرچی کە من لەگەڵ بەشێک لە وتەکانیدا هاوڕام بەڵام بۆ ئەو بابەتە قسەکەیانم قەبووڵ نییە. ئایا ناکرێ منی نەوعی بە وەسیلەی شانۆ یان سینەما نەریت و کولتوور و فۆلکلۆری لەبیر کراوی خۆم ـ ئەڵبەت بە سەبک و ڕەوشی خۆم ـ نیشان بدەم؟ مەگەر غەیری ئەوەیە کە "بەهمەنی قوبادی" بە نووسینی بابەت و کێشە و کۆمەڵگای "کورد" خۆی و بەرهەمەکانی بە دنیا ناسان؟ ئەویش بە فیلمی" زمانی برای مستی اسبها" کە کێشە و کۆمەڵگای کوردی نیشان دەدا، نەک " کسی از گربەهای ایرانی خبر ندارد" .بەڕای من ئەوەی خەساری لە شانۆی کوردی داوە، سەرەتا ئەو گرفتانەیە کە لە ڕێی خودی بەڕێوە چوونی فستیڤاڵەکەدا هەرجار دێتەوە پێش و لەوە ئەچێ چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە. کێشەگەلێک وەک نەبوونی بوودجە و نەبوونی ئەو سەربەستییە کە شانۆکار پێویستی پێیەتی بۆ خولقاندنی بەرهەمێک بە دڵی خۆی؛ کە بەداخەوە هەندێجار بووە بە هۆی ڕاوەستانی چەن دەورەی فستیواڵەکە و پەشیمان بوونەوەی هەندێ لە شانۆکاران لە بەشداری کردن لە کارەکەدا. ئێمە لە شانۆی کوردییدا، پێویستمان بە بیر و ڕوانینی تازە هەیە و ئەمە نایێتە کایەوە مەگەر ئاڵ و گۆڕی بنچینەیی لە کوللیەتی سیستەمی فستیڤاڵەکەدا دروست ببێت. بەڵام سەبارەت بە شانۆی بیانی و دەقی غەیرە کوردی، من پێموایە هیچ قەیناکات، با ئێمە ئەو بیر و بۆچوونە گەورانەی جیهان بە زمانی خۆمان بهێنینە کایەوە.



فاتێح بادپەروا: من پێموایە سەرەتا پێویستە باس لەسەر شانۆ" وەک دیاردەیێکی شارستانییانە" بکەین. بچووک کردنەوەی شانۆ بە ناوی"شانۆی کوردی" بەڕای من ئەمرێکی ئەساسەن هەڵەیە؛ چونکاتێ ئێمە پارامیترەکانی شانۆی کوردیمان نییە و ئەسڵەن شانۆیش بەو ئاقارەدا ناڕوات کە قەبیلەیی و بچووک بێنێتەوە. بەڵکوو زاتی شانۆ بۆ ئەندیشەیە و ئەندیشەیش شتێکی جیهان شموولە. بەڵام ئەوەی کە شانۆی کوردی چییە، دەگەڕێتەوە بۆسەر"شوناس" و"کوردبوون"مان و لەو ڕەهەندەوەیە کە منیش وەک هونەرمەندێک لەگەڵ دەستەواژەی "کوردی" بۆ شانۆی خۆمان هەم. لەبەر ئەوەی کە بازتەولیدی شوناسی خۆمانمان بۆ دەکاتەوە. بەڕای من پێویستە ئەگەر کارێکی خارجیش هاتە ناو فستیواڵەکەوە، ئەبێ بخرێتە ناو بەشی پەراوێز. نەک بەشی داوەری و کێبەرکێ.



کاکە عەزیز زادەسەر: من لەسەر ئەو باوەڕەم کە فستیواڵی کوردی لەم چەن ساڵەدا تەنیا زمانەکەی کوردی بووە و ئەگەر زمانەکەی لێ دەربهێنین " شانۆیێکی شاری" لێدەمێنێتەوە. گرینگ ئەمەیە، ئێمە ئەدەبیاتێکی غەنیمان هەس کە ئەگەر کارناسانە لێی بکۆڵینەوە بابەتی زۆر باشی تێدایە بۆ کار لەسەر کردن و دیارە ئەوە پێویستی بە چاوانەگەلێکی زۆرە و لە هەمووی گرینگتر، سەرچاوەی ماڵییە کە دەبێ بێ دڵەڕاوکێ لە بەردەستی پسپۆڕانی ئەو بوارەدا بێت.



نیعمەتی ئیزەدی: بەڕای من کێشەیێکی گەورە کە لە ئارادا هەیە ئەوەیە کە ئێمە خۆمان بەستوەتۆ بە جەشنوارەکانەوە. واتە تا جەشنوارەکان دەست پێنەکەن ئێمە کار ناکەین. بەڵام تۆ لە ئوورووپا دەبینی شانۆیێک بۆ ماوەی چەن مانگ یان چەند ساڵ شاران دەگەڕێ و خەڵک دەیبینن؛ بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی بە خەڵکانێکی زیاتر بناسێنێ و پەیامەکەی ڕابگەیێنێ. دیارە حاشا لەوە ناکرێ کە ئیمکاناتی ماددی بەوجۆرە لای ئێمە نییە یان زۆر کەمە، بەڵام خۆ دەکرێ تۆ لە مەریوان کارێک ئامادە بکەیت و بیوەی بۆ چەن ڕۆژ لە شارەکانی دەور و بەری خۆت بەڕێوەی ببەیت. بەڵام بەداخەوە ئێمە خۆیشمان کەمکاری ئەکەین...



ئەسڵەن شانۆیش بەو ئاقارەدا ناڕوات کە قەبیلەیی و بچووک بێنێتەوە، بەڵکوو زاتی شانۆ بۆ ئەندیشەیە و ئەندیشەیش شتێکی جیهان شموولە



فستیواڵی کوردی لەم چەن ساڵەدا تەنیا زمانەکەی کوردی بووە و ئەگەر زمانەکەی لێ دەربهێنین " شانۆیێکی شاری" لێدەمێنێتەوە



لە ئوورووپا دەبینی شانۆیێک بۆ ماوەی چەن مانگ یان چەند ساڵ شاران دەگەڕێ و خەڵک دەیبینن؛ بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی بە خەڵکانێکی زیاتر بناسێنێ و پەیامەکەی ڕابگەیێنێ



Scanned with CamScanner



# ئیمپراتوور و ئانجێللۆ

عادڵ کەریمی
ماستەری دەروونناسی

«ڕۆژاوا» تاراوگەیەکی قوربانیی سەردەمی مودێڕن بە شێوەی جیاواز و دژبەر لەسەر نەتەوەکاندا ڕەنگی دایەوە بۆ هەندێ بوو بە هۆی بووژانەوەی وڵاتیان و بۆ هەندێکی تر تا ئاستی نکۆڵی لێکردن خەساری گەیاند. ئەو نەتەوانەی بوون بە قوربانیی سیستەمی مودێڕن هەردەم کارەساتیان تێدا دەخولقێ و دەبێتەوە هەوێنی دەستێوەردانی زلهێزان و پاش ماوەیەک نە زۆر دوور خویل کارەساتەکان بە تەوژمتر و قووڵتر ددپات دەبێتەوە، کۆڕەوی نەتەوە ژێردەستەکان هەردەم بە لایەکدا لە وڵاتی خۆ هەڵدەکەندرێن و تاراوگە دەبێتە مەکۆی دووپاتبوونەوەی کارەسات لە زەیندا. «ڕۆژاوا» بە هۆی سیاسەتی چەوسێنەرانەی زۆر نەتەوەی لە نێوان بەرداشی خۆی داهاڕی و ئێستە بە دڵاوابیەوە داڵدەیان دەدا. تاوانباری سەرەکی بووە بە پەناگە و ئامانجی قوربانیی ڕاستە هەندێ ئازادیی تاکەکەسییان پێ دەدا، بەڵام ئازاری سەرەکی بە بێ دەرمان دەهێنێتەوە. بە یەکگەیشتنی دوو تاک لە دوو نەتەوەی چەوساوە پاشخانێک لە چەوسانەوەی نەتەوەکانیانی لەگەڵە. زۆر بە باشی لێک تێدەگەن بەڵام زمانی پەیوەندیشیان هەر زمانی چەوسێنەرە. ئەوان لە تاراوگەدا چەوسانەوەیان بەردەوام دەبێ. وایان لێ دێ لە سەندنەوەی مافی خۆیان سڵ بکەن و لە دۆخی تراژێدیادا بمێنێتەوە.

کوردان لە دەرەوەی کوردستان بۆ کارەساتەکانی ناوخۆ تەنیا شین‌گێڕییان کرد، لە نەورۆزدا جەژنیان نەگرت و کۆڕی ماتەمینییان ڕێخست. بە پێچەوانەوە لە ناوخۆی کوردستاندا نەورۆز و بۆنە نەتەوەییەکان بوون بە هێمای خۆڕاگری. ئەم بەرهەمە بە چەقبەستن لە تراژێدیادا کۆتایی پێدێت و بۆ خۆی بەڵگەیەکە بۆ دەرخستنی لایەنی دەروونی کوردانی تاراوگە بۆ کارەساتەکانی ناوخۆ.

سەرەڕای چەقبەستن لە کارەساتدا بە وردی بابەتێکی هێناوەتە گۆڕێ کە کورد دەبێ لێی تێڕامێنێ. تاراوگەنشینان بە پاشخانی زەینی کارەساتەوە دەڕۆنە هەندەران، لەوێ شەڕی مان و نەمن ناکرێ، گیان وماڵیان پارێزراوە و بە پێی لێهاتوویی پیشە دەبیننەوە. ئەم تفرە تەنیا لە ڕووی نۆستالژییاوە لەگەڵ کوردستان پەیوەندییان هەیە و هێدی‌هێدی پاش چەند نەوە لە تاراوگەدا دەتوێتەوە، بەڵام لە کوردستاندا شەڕی مان و نەمان ڕاستەوخۆیە، سەرەڕای قوربانیدان و لێقەوماوان لە هەمبەر دوژمنێک وەکوو داعش، ڕێچکەیەکی تریشیان گرتووەتە پێش کە پێی دەڵێن کۆڵنەدان. ئەم هەڵوێستە عەقڵانی نییە و دژکردەوەیە بە نیسبەتی مەترسیی لە ناوچوون.



ڕەحیم عەبدولڕەحیم‌زادە
دەرهێنەر، نووسەر و ڕەخنەگر

# خوێندنەوەیێکی کوردی دەقێکی فەڕەنسی

## چاوخشاندنێکی کورت لەسەر شانۆی مردووە بێ‌کفن‌ودفنەکان

دوای بەڕێوە چوونی چواردە خولی فستیڤاڵی شانۆی کوردی هێشتا ئەم پرسیارە بە ئاواڵەیی و تا ڕادەیێک وڵام نەدراوە ماوەتەوە، کە تا چەندە دەکرێ لەم فستیڤاڵە لە دەقە بیانییەکان کەڵک وەرگرین و جێگەی ئەم دەقانە لە فستیڤاڵێک کە بە نێوی شانۆی کوردییەوە نەخشێنراوە چییە؟

بۆ وڵام دانەوە بەم پرسیارە بەر لە هەر شتێ دەبێ بڕوانینە شانۆ وەک هونەرێک کە لە نواندندا خۆ دەردەخا نەک وەک ئەدەبیات و تەنیا بۆ خوێندنەوە و هەر بەم پێیە هەڵبژاردنی هەر دەقێک بەو مەرجەی لە نواندندا خوێندنەوەیێکی کوردی لە پشت بێ و هەڵگری بیر و هزری مرۆڤی کورد بێ دەتوانێ جێی خۆی لە جیهانی شانۆی کوردیدا بکاتەوە. هەر بەم پێیە هەڵبژاردنی دەقێکی وەک مردووە بێ کفن و دفنەکان لە لایەن گرووپی شانۆی" باران" و "فاتێح بادپەروا" وەک دەرهێنەر هەڵبژاردنێکی هەڵە نییە، بەڵکوو بە پێی لێکدانەوەی دەرهێنەر و ئێستراتێژییەکانی هەمبەر دەقەکە تەنانەت دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنێکی وشیارانەیە و دەقی مردووە بێ کفن و دفنەکان وەک سووژە تێکەڵاوییێکی زۆری لەگەڵ ڕۆحی مرۆڤی کورد هەیە، بەڵام وەک سووژەی ئەشکەنجەگەر و ئەشکەنجەکراو نەک وەک بیرۆکەی ئێگزیستانسیالیستی دەقی سەرەکی، چما ئەم ئەندیشەیە زۆر لە نواندندا خۆی دەرنەخستبوو و هەر دەبوو واش بوایە.خاڵی بەرچاوی شانۆی مردووە بێ کفن و دفنەکان کە بە جۆرێک وەک ماکێکی زاڵ خۆی بەسەرهەموو شانۆکەدا داسەپاندبوو، دیوارێکی گەورە بوو کە وەک هێمایەک دیواری نێوان ئەم دوو بەرەییەی نیشان دەدا و بە هەر جار گۆڕانی، بینەری دەخستە جیهانی بەندکراوەکان و جیهانی ئەشکەنجەگەرەکان و بەجوانی ئەم ئەرکەی خۆی بەڕێوە دەبرد، هەرچەن دەکرا ئەم دیوارە لەجیاتی ئەوەی بسووڕێ بە گۆڕینی چەن هێمای وەک وێنەکەی ژێنرال پێتەن یان سەندەڵی شکەنجەگەرەکان ئەم ئاڵ و گۆڕە نیشان بدرێ، چما ئەم گۆڕینی هەر جارەی ئەم دیوارە دەبووە هۆی دابڕانی بینەر لە جیهانی شانۆکە و بەشێکی زەین و بیری ئەکتەریشی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا.

دووهەمین خاڵی گرینگی ئەم شانۆیە ئەکتەرەکانی بوون کە بەرزی و نزمی زۆر بە نواندنیانەوە دیار بوو ئەگەر بەشێک لە ئەکتەرەکان وەک بەرپرسی ئەشکەنجەگەرەکان تا کۆتایی ئاستێکی باشیان ڕادەگرت، بەشێکی‌تر لە ئەکتەرەکان وەک دوو ئەشکەنجەگەرەکە زۆر تیپیکاڵ لە گەڵ کاراکتێرەکانیان ڕووبەڕوو ببوونەوە و ئەم بەرزی و نزمی‌یە، لە ئاستی ئەکتەرەکان دەبووە هۆی ئەوەی هارمۆونی گشتیی کارەکە لە بواری نواندندا تووشی کێشە بێ، بەڵام لە پاڵ ئەوانە ناتوانین خۆ ببوێرین لە میزانسێنەکانی فاتێحی بادپەروا کە زۆر وشیارانە کەڵکی لە وێنەو کمپۆزیسیۆن وەرگرتبوو وەک چۆن ناکرێ باسی ئەم شانۆیە بکەین و بەشی مردنی مێردمنداڵەکە لە بیر بکەین کە یەکێک لە کاریگەرترین بەشەکانی ئەم ئیجرایە بوو.

بە گشتی سەرەڕای ئەوەی دان‌بەوەدا دەنێین کە هیچ بەرهەمێکی هونەری هیچ کات تەواو نییە و هەر بەرهەمێک بۆشایی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام دەتوانین مردووە بێ کفن و دفنەکان وەک یەکێک لە کارە سەرکەوتووەکان و هەروەها یەکێک لە کارە کوردییەکانی فستیڤاڵی ئەمساڵ ناودێر بکەین.



ماموستا دوکتور قوتبەدینی سادقی، پسپۆر و شارەزا لە بوارە جۆراوجۆرەکانی شانۆ و کەسایەتییەکی ناسراو لە بەستێنی هونەردایە. بەڕێزیان بەردەوام لە پەروەردەکردن و ڕێنوێنی لانیکەم دوو نەوەی هونەرمەنداندا، بە لەخۆبردوویی‌یەوە بەشداربووە.

**وەک ئاگادارین فستیڤاڵی [illegible] شانۆی کوردی سەقز، لە [illegible] خودی هونەرمەندانەوە بەڕێوە دە[illegible] بابەتە هەڵگری چ دەفرایەتی و مە[illegible]؟**

بەڕای من مەترس[illegible]یە؛ بۆ ئەوەی هەرکارێک تا[illegible] [illegible]ەوی هەڵە و کەم‌ئەزموو[illegible]یە. بەڕێوەبەری فستیڤاڵ [illegible]ەن هونەرمەندانەوە کارێکی پیرۆزە [illegible]ست بوو بکرێت. لە ئەورووپا و ئە[illegible]ی خاوەن شانۆ و شانۆخانەی بەهێز[illegible] هەر بەم شێوە بەڕێوە دەچێ. لەوێ بەڕێوەبەر و بەرپرسی شانۆخانەکە کەسێکی دەرهێنەرە، بۆ ئەوەی کە دەرهێنەر دەتوانێ ڕێخستن و دابەش کردنی ئەرکەکان جێ‌بەجێ بکات. دەوڵەت دەبێ پشتیوانی ماڵی بکات و شێوەی بەڕێوەبردنەکە بە خۆیان بسپێرن. خاڵێکی‌تر کە زۆر گرینگە ئەوەیە، بەڕێوەبردنی فستیڤاڵ بە کەسانی شارەزا و بە ئەزموون بسپێردرێت. ئەگەر کەسەکان لە جێگەی دروستی خۆیاندا بن، کارەکە باشتر پێش ئەکەوێ و ئەو هەڵە ئاسایی‌یانەی کە لە سەرەتادا پێش دێ، بەرەبەرە کەمتر دەبێتەوە. کارمەندی دەوڵەتی ناتوانێ لەم چالاکییەدا بەڕێوەبەرێکی باش بێت. من لە وتارێکدا بە ناو «مدیریت هنری» شرۆڤەی ئەم بابەتەم کردووە. هونەر بابەتێکی ناسکە و بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی ئەو بوارە کاری هەر کەس نییە. هونەر پەیوەندی بە دەروون و کەسایەتییەوە هەیە. دەبێ داهێنانی تێدا بکرێت. کۆی ئەم ڕووداوە بە بابەتێکی گرینگ دەزانم و هیوادارم ئەرکهەڵگرانی فستیڤاڵی شانۆی کوردی سەقز لەبەرچاوی بگرن.

**وەک خۆت فەرمووت بەڕێوەبردنی فستیڤاڵە شانۆیی‌یەکان پێویستە بە خودی هونەرمەندان بسپێردرێ، لەلایەکی‌ترەوە دەبێ بەڕێوەبەر توانای داهێنانی ببێت و تەنانەت ڕوانگەی خۆیشی دەباتە ناو کارەکەوە، دەسەڵاتی پێ دەدرێ، ئەم دەسەڵات و داهێنانە خەساری لێ‌ناکەوێتەوە؟**

ئەگەر لەسەر بنەما و ڕێساکانەوە بێت، کەمترین خەساری لێدەکەوێتەوە.

**ئەو ڕێسا و بنەماگەلە چین؟**

کار بە کەسی بە ئەزموون بسپێردرێت و هەرکەس لە جێگەی خۆیدا دەسەڵاتی بێت. ئەگەر ئامێرژەنێک بۆ بەشی مۆسیقا دەستنیشان دەکەیت، نابێ لە شێوەی ژەنینەکەیدا دەستتێوەربدەی. ئەو لە چۆنیەتی جێ‌بەجێ‌کردنی ئەرکی خۆیدا ئازادە. ڕەنگە دڵ‌ئێشان و دڵڕەنجان ڕوو بدات، یان کەسانێک بخرێنە پەراوێزەوە، بەڵام ئەرکی بەڕێوەبەری گشتییە کە بەر بەم بابەتگەلە بگرێت. ئەگەر پێشی پێ نەگرێت، کارەکان بە دروستی سەر ناگرن.

**زۆربەی هونەرمەندانی ئەم بوارە گرینگی بە پراکتیس دەدەن و کەمتر لە باری هزرییەوە خۆ پەروەردە دەکەن؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە پێش دەستپێکردنی پرۆڤەی شانۆییکی تایبەت، ڕەنگە چەند مانگ یان زۆرتر، خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی پێویست بێ. پێشنیارت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە چییە؟ چۆن خۆیان لە ڕەوتی خوێندنەوە و ئەزموون کردندا پەروەردە بکەن؟**

تا دەتوانن بخوێننەوە؛ هونەر بە گشتی و شانۆ بە تایبەتی لایەنی دەروونزانی، کۆمەڵناسی، هزری و...ی هەیە. ئەم هونەرە، خانەنشینی بۆ نییە؛ سەرترین ئاستی بۆ نییە؛ هەردەم شت و دەق و دیاردەی تازە چێ دەبێ؛ هونەرمەند لە باری زانیارییەوە دەبێ خۆی بەڕۆژ بکاتەوە. خوێندنەوەی مێژوو و بیرۆکەکانی مێژوو، ئاگامەندبوون لە کۆمەڵناسی وڵاتەکەی و هەروەها نەتەوەکانی‌تریش. ئەم هونەرە ئەوەندە بەربڵاوە کە ناچارت دەکات هەردەم بخوێنیتەوە. زۆر لایەن هەیە کە دەبێ لەواندا شارەزا بێت. وەکوو دیزاینی شانۆ، جلوبەرگ، ڕووناکی، نواندن، دەرهێنەری و نووسین. دەرئەنجامی بەکار بردنی تەکنیکەکان بەدیهێنانی "فەزای عاتفی"یە. زۆربەی کارەکان ئەم ئامانجە ناپێکن، بەو هۆیەی کە بەشێوەی ساختە تەکنیک بەکار دەبەن. بەردەنگ لەگەڵ وەها کارگەلێکدا پەیوەندی ناگرێ. بۆ ئەوەی کە کاری ساختە و ڕواڵەت‌جوان، لە دڵ و هزر و هەستی ئەواندا نانیشێ، هەر بۆیە پێشنیار دەکەم لە ڕەوتێکی بەردەوامدا بخوێننەوە، کەم و کوورییەکان بدۆزنەوە و چارەسەری بکەن. ئەگەر بە وەها ڕێگەیێکدا نەچن، بێگومان لە ئاستی خۆیاندا دەمێننەوە و سەرناکەون...



Scanned with CamScanner





**ڕەزا ڕاشیدی**
چالاکی ئەدەبی

# فڕینی هەواڵان

*برینەکانی ژیان، هەندێکیان، نەرمەنەرم دەتخونەوە و بێدەنگ ناخت هەڵدەکۆڵن...*
ناتوانی باسی ئەم برینانە بکەیت یان باشتر وایە بڵێین، دوای دەیان ساڵ تێپەڕبوون لەو دێڕەی (سادق هیدایەت)، ناکرێت باسی برینەکان بکەیت! برینگەلێک هەن زۆر زوو خۆش دەبنەوە و برێکیان تا دوایین هەناسەش لەگەڵتانن. برینگەلێکیش هەن کە زۆر زوو خۆش دەبنەوە بەڵام ئاسەواریان هەر دەمێنێتەوە و بێ‌ئەوەی باسیان بکەیت هێندی هێندی خوویان پێ‌دەگرێت، مینا ئەوەی قەت بریندار نەبووبێتی!
ڕۆیشتنی هەڤاڵێک، برینێکی نوێیە بۆ کولانەوە و بیرهێنانەوەی برینە کۆنەکان، هەر یەکە و لە ناختا شوێنی تایبەت داگیر دەکەن و بیرەوەری تایبەتیان هەیە. بە پێی زەمەن، تایبەتەکان فرەتر دەبن و جیا ناکرێنەوە. باسی برین دەکەیت و نازانی لە کامیان بیر بکەیتەوە. هێند فرەن کە ناتوانی هەڵبژێریت. باسی کامیان بکەم؟
بیر دەکەمەوە و وەبیر دەهێنمەوە، بوون و نەبوون.( عەبە و عەلی ڕاشیدی) یەکەم شانۆکار نەبوون و دوایین شانۆکاریش نین کە جێمان دەهێڵن. شانۆ، لە دوای ئەوانیش، هەیە و ئێمە هەین و ژیان بەردەوام دەسووڕێت و هەمووان دەبێت جێی‌بهێڵین. بیریان دەکەین و ڕێزم هەیە بۆ ژیانی بەسەرچوویان و ئەو بەرهەمانەی وەک دەورگێڕ و دەرهێنەر و نووسەر و وەرگێڕ و وێنەگر و... گێڕایان و یەکیان لە لووتکەی کێوێک بەرەو هەوراز فڕی و یەکیان شێرپەنجەی کردە بیانووی سەفەری بێ‌گەڕانەوەی. جێگای سەوزیان لەم خولی فستیڤاڵی شانۆی کوردی‌یەدا بە وێنە و نووسینێک نوێ دەکەینەوە.

**چالاکییە هونەریەکانی عەبەی ڕاشیدی «کاک ئاغا»**

**دەورگێڕی لە شانۆکانی**
هتل نیمکت، کلک مرغابی، بەیتی لەشکەری، شکفتن، آرزوی سنجاب کوچولو، افسانەی نیما، سلندر.

**یاریدەر**
بەیتی لەشکەری، بێ ریشە، ئەسپی سپی، آرزوی سنجاب کوچولو، سهراب و ساز و والی قبرستان.

**چیرۆک**
مردانگی های انار بنان جگونە برمی‌افروزد...

**وەرگێران**
سەلەندەر، مەم و زین
لە دامەزرێنەرانی گرووپی شانۆی «شانۆ».
لە دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی شانۆی سەقز.
لە داواکارانی دامەزراندنی فستیڤاڵی شانۆی کوردی.
بەشداری لە سازدانی کورتەفیلم.
ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕۆژانەی فستیڤاڵی شانۆی کوردی (٢ خول).

**چالاکییە هونەریەکانی عەلی ڕاشیدی**

**دەورگێڕی لە شانۆکانی**
بەیتی لەشکەری، سلندر، منتظران، سهراب و ساز و والی قبرستان. بێ‌ریشە.

**یاریدەر**
بەیتی لەشکەری، سهراب و ساز و والی قبرستان، منتظران.
لە دامەزرێنەرانی گرووپی شانۆی شانۆ.
لە دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی شانۆی سەقز.
لە داواکارانی دامەزراندنی فستیڤاڵی شانۆی کوردی.











Scanned with CamScanner



ئارمان کەریمی
ڕەخنەگر

## دیاردەیێک بە ناوی

# «فامی زەمان»

بۆ ئەو بەردەنگە جیددی و ناجیددی‌یانەش کە لەم چەن ساڵەی ڕابردوودا بەشداریی فستیڤاڵی شانۆی کوردییان کردووە، بە دڵنیایی‌یەوە سەلماوە کە بۆ چوونەژوورەوەی هۆڵی شانۆ و دیتنی کارەکان لانیکەم دەبێ یەک سەعات لە پشت درگادا بمیننەوە و کەم نەبووە ژمارەی ئەو ماتڵ‌بوونانەش کە بۆ دووسەعات و زیاتریش هەڵکشاوە. پاتەبوونەوەی ئەم دۆخە بووە بە هۆی دروست‌بوونی ڕیتمێکی ناسراو و پێش‌گریمانەیێکی سەقام‌گرتوو لە نەستی هەمووواندا. دیارە کێشەکە کاتێ قووڵتر دەبێتەوە کە تەنانەت خودی ئەو هونەرمەندانەیش کە بڕیاربوو ببنە پێشەنگ بۆ پێشخستنی پێشڕەویی کۆمەڵگا، سانا لە تەنیشت ئەم دیاردەوە تێدەپەڕن و بەفیرۆچوونی " زەمان" بەلایانەوە دەبێ بە شتێکی ئاسایی. خۆ ئەگەر بێت و لەم بارەوە بکەونە پەیقین، زۆربەیان دەکەونە پاساو هێنانەوە و" کەمیی کات" دەکەنە بیانووی ئەو وەدواخستنە؛ ئەڵبەت زۆربەیان" ئەویدی" خەتابار دەکەن و بەداخەوە ئەو" ئەویدی"یە بەردەوام هێزی زاڵە و"ئەم" دەکاتە ئۆبژەیێکی بەرکار و بێدەسەڵات. ئەمە لەحاڵێکدایە کە لەوانەیە ئەم ئیدەعا لەلای هەمووی هونەرکاراندا هەبێت کە" من دەمەوێ تیشک بخەمە سەر[پرس]ێک کە جەماوەری خەڵک لێی تێناگەن". زۆر بەداخەوە پانتایی ئەم کارەساتە لەوانەیش بەربڵاوترە و تەنانەت گەلێ‌جار داوەران و بەرپرسانی بەڕێوەبەری فستیڤاڵیش لەو پانتایی‌یەدا شوێن‌پێیان بە ئاشکرا دیارە و لە هیچ لایێکەوە هەوڵێکی شیاو و پراکتیکی بۆ بنەبڕ کردنی ئەم خەسارە بەدی ناکرێت. مخابن، هەرجار کە خولی نوێی فستیڤاڵەکە دەست پێدەکاتەوە، بەردەنگ و بینەرانی چاوەڕێی دیتنی شانۆ، دیسانەوە"لەپشت‌درگاڕاوەستان" دەبینێتە یەکەم شانۆیێک کە پێمل بە دیتنی دەکرێن. ئێستا بە ڕەچاو کردنی ئەو قاعیدەیە کە هونەرمەندان لە بیرمەندانن و بیرمەندان نوێنەکی خەڵک، ئایا شایستەیە جەماوەر لەم بابەتەدا، چاو لە هونەرمەندان بکەن و بیانکەن بە نوێنەکی خۆیان و ڕەوتی ئەوان بگرنە بەر؟ ئاخۆ بەڕاستی ئەو کەسانە کە نیوسەعات بەر لە دەسپێکی شانۆکان ـ بە کاتی دیاری‌کراو ـ لە پشت درگاکان لە هۆڵی چاوەڕوانیدا چاوەڕوان، دەبێ چاو لە هونەرمەندانی موددەعی بکەن یان بە پێچەوانەوە؟ سا ئەگەر، پێشڕەوانی کاروانی کۆمەڵ بەم جۆرە نادەروەست لە تەنیشت" پرس"ە گرینگەکانەوە تێپەڕن و ئەمە لە رووبەرێکی گەورەتر بە ناوی" کۆمەڵگا"دا ببێتە فەرهەنگێکی کرداریی گشتی و لە جومگەکانی ژیانی ڕۆژانەی هەموو تاکێکدا ڕەنگ بداتەوە، دەبێ چاوەڕوانیی چ ئاکامێک بۆ ئەو کۆمەڵگا بکرێت؟

ئەوەی حاشای لێناکرێ ئەوەیە کە شەو و ڕۆژ بۆ وڵاتە پێشکەوتوو و پاش‌کەوتووەکان، یان با بڵێین کە لە لای مرۆڤە پێشکەوتووەکان و پاشکەوتووەکان هەر "۲۴ سەعات"ە و ئەوەی دەبێتە هۆی سالاری یەکیان و سەرکزیی ئەویتر، شێوەی کەڵک‌وەرگرتن لەو ۲۴ سەعاتەیە و بایەخدان بە گرینگایەتی"زەمان" کە هەر جۆرێک لە "بوون" و تەنانەت" نەبوو"یش لەودا جێیان دەبێتەوە. ئایا بەڕاستی هۆکاری ڕوودانی هەمیشەیی ئاوەها کێشەگەلێکی کاریگەر ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تاکی ئێمە ، بە هونەرمەند و بەردەنگەوە، هێشتا "فامی گرینگایەتی زەمان"ی نەکردووە؟؟؟

## خبر روز

بازدیده اعضای شورای شهر شهرستان سقز از جشنواره




برگزاری ورک شاپ توسط بازیگر سینما پرستو گلستانی با استقبال هنردوستان و مهمانان جشنواره



استقبال بی نظیر از نمایش «زەماوەنی خوین» توسط همشهریان و مهمانان و هنرمندان



اعتراض تماشاچیان در پشت دره های بسته سالن به تاخیر چهل دقیقه ای نمایش و به تاخیرهای مکرر در اجراها

اعتراض مردم به نبود سالن نمایش مناسبی در خور این حرکت هنری و فرهنگی در دومین شهر استان کردستان. مردم که با شور و شوق برای دیدن نمایش آمده بودند به دلیل نبود فضای معترض سالن را ترک نمودند.

# وینه‌هه‌وال



پوستر
جشنواره



رحمان هوشیاری
هنرمند و منتقد



سردار دوغی
رئیس شورای
شهر سقز





امیر زارع‌زاده
هنرمند و
دبیر اجرایی
جشنواره



جمعی از
هنرمندان



امین صادقی
هنرمند





سامان داروند
هنرمند



قبل از اجرای
نمایش



اجرای
نمایش
زه‌ماوه‌نی خوێن



◄ نمایش مردووه بی‌کفن‌ودفنه‌کان

Scanned with CamScanner

# ژن

## شانۆی کوردی [illegible]

